دیکۆمێنت

# هەڵمەتی هێزی پێشمەرگە لەتەمووزو ئابی 1963

**ئا:دلیر حەمەمین**

*دەنگ، باسی شۆڕشی کوردستان - ژمارە (5)*

1- لە 963/7/14 دا - هێزی پێشمەرگە قارەمانەکانمان لە رەعیلێکی دەبابەی دا کەئەیویست رێگای هەڵەبجە بکاتەوە لەپاش شەرێکی یەک سەعاتی هێزی دوژمن ناچار کرا کەبگەرێتەوە بۆ (سەید سادق). تا ئێستا هێزەکانمان بەتەواوەتی دەستی کێشاوە بەسەر ئەو رێگایەدا.

2- لە 963/7/20 دا - هێزە قارەمانەکانمان هێرشی بردە سەر هێزی دوژمن لەناوچەی سەراوی سبحان ئاغا ئەو هێزەی دوژمن بەشێک بوو لەهێزی سەیدسادق وە لەفەوجێک پێک هاتبوو. دواى شەرێکی گەرم کەوا سەعاتێکی خایان (15) کەس لەدوژمن کوژرا وە زیاتر لە(5) کەس بریندار بوو. هێزی ئێمە هیچ زیانێکیان نەبوو.

3- لە 963/7/21 دا - هێزێک لەلەشکری شۆرشگێری کوردستان تەقە لەفرۆکەیەکی هەلیکۆپتەر کردو پێکای وە لەپشت رێدارەوە کەوتە خوارەوە. ئەم فرۆکەیە قائد فرقەی (2) تێدا بوو کە لەگەڵ کاکە حەمەی سەید ئەحمەدی خانەقاداو دوو ئەفسەرو سەربازێک. قائد فیرقەی دوو چەناگەو سەری شکاوەو هیلاکە کاکە حەمە مردووە ئەوانی تر برینداریکی خەتەرن. شتومەکی ئەم فرۆکەیەو ئەوانەی تیابوون براونەتەوە بۆ کەرکوک.

4- لەشەوی 25-963/7/26 دا - پەلێک لەپێشمەرگە پاڵەوانەکانمان هێرشیان بردە سەر بنکەی جاش (عارف) لە گوندی

سوسنە لەناوچەی سورچی لەپاش شـەڕێکی (10) دەقیقـەیی توانیـان سـەرۆکی جاشـەکان کـەناوی (شێخ تۆفیق بەگ)ە وەلەگەڵ هـەردوو کورەکـەی (خەلیل)و(جەلیل) وەهەموو جاشەکانی تردا چەک بکـەن. ئێسـتا لەبەندیخانەیـەکی لەشـکری شۆڕشگێری کوردستاندا بەندن.

5- لـە 963/7/26 دا - هێـزی نەبـەزمان هێرشی بردە سـەر دوژمـن کەئەیویسـت بـڕوات بۆسەنگەری ژمارە (2) لەزمناکۆ لەپاش شـەڕێکی دوو سەعاتی توانیان دوژمن بەرەو دوا بگێڕنەوە و چەند لاشەیەکیان پێبەجێبهێڵن ، دەسـتکەوتمان (3)کلاشـینکۆف (130) فیشـەکی روسـی (1)دوربیـن وە(1)رادیـۆ بـوو. هـەروەها چـەند نامەیـەک گیـرا یـەکێکیان هـی ئیسـتیقالەی ئەفسەرێک بوو ناوی (غسان عبدالکریم شاوی)یە.

6- لـــە 963/7/26 دا - پێشـــمەرگە قارەمانـەکانمان توانیـان لەگـەرەکی شـۆڕیجەی کەرکوک (13) جاش بگرن لەگەڵ (12) تفـەنگی ئینگلیزی نوێو هەندێک فیشەکدا.

7- لە 963/7/27 دا - دووبارە هێزی میری ویستی بچێت بۆ سەنگەری ژمارە (2) لـە زمنـاکۆ بـەلام هێزێکـی پێشـمەرگەی قارەمانمـان بـەرەنگاریان بـوون دوای شـەڕێکی (6)سـەعاتی دوژمن شکاو گەڕایەوە لەم شەڕەدا (8) کەس لـە هێـزی دوژمـن کـوژرا بـەلام ژمـارەی برینـدار نەزانراوە. وەئێمە هیچ زیانێکمان نەبوو.

8- لە 963/7/28 دا - (ف 1 ل 1) لەهێزی دوژمـن بەیارمـەتی جـاش ویسـتیان لـە (سەرسەنگ)وە بچن بۆسوارەتوکە بۆ ئەوەی ئەو هێـــزە رزگاربکـــەن کەلەلایـــەن هێزەقارەمانەکانمانـەوە ئابلۆقـە دراوە. بـەلام پێشمەرگە نەبـەزەکانمان هێرشـێکی شـێرانەی کتوپڕیان بردە سەریان لەپاش شەڕێکی سەخت (18)کەس لەدوژمن کـوژراو (19) کەسیشـیان لێبرینـدار بـوو وەبەناچـاری گەڕانـەوە. دەستکەوتمان (56) پارچە چەکی هەمەجۆر بوو لەگەڵ (1) کاشیفەی ئـەڵغام هـەروەها تانکێـک سووتێنرا لەگەڵ ئۆتۆمۆبیلێکی سـەرباز هـەڵگرو ئۆتۆمۆبیلێکی زیل. وەزیانمـان (1) پێشـمەرگەیە کەتۆزێک لەشـی سـوتاوە لـەکاتی پـەلاماردانی بۆسەر تانکیەکە بۆئەوەی گڕی تێبەردا.

9- لە 963/7/30 دا - هێزێکـی دوژمـن کەپێک هاتبوو لەسوپاو جاش بەیارمەتی دەبابـە ویستیان لە بافستیانەوە بچن بۆ هاودیـان هێـزی پێشمەرگە قارەمانـەکانمان بـەرەنگاریان بـوون لەدوای شەڕێکی توند هێزمان سـەرکەوت دوای ئەوەی زیانێکی زۆریاندا لـەدوژمن وەتـا چـەند رۆژێک لاشـەی کوژراوەکـانی دوژمـن لەسـەر ڕێگا کەوتبون لەئەنجامدا دوژمن گەڕایـەوە بـۆ بافستیان وەچەند پارچـەیەک چـەکو هەنـدێ

خواردەمەنیمان دەستکەوت.

10- لە شەوی 963/7/31 دا - هێزێکی پێشمەرگەی قارەمانمان هێرشی بردە سەرسەنگەرەکانی هێزی دوژمن لەناوچەی عەربەت لەپاش ئەوەی شەڕ (2) سەعات درێژەی کێشا (2) کەس لەهێزی دوژمن کوژراو (3) کەسیشیان لێبریندار بوو.

11-لە 963/8/1 دا - بۆ جاری دووەم بارەگای فیرقەی (2) لەگەڵ (500)جاش (عارف) دا ویستیان بڕۆن بۆ هاودیان بەلام هێزێکی قارەمانمان لەشکری شۆرشگێری کوردستان بەرەنگاریان بوو لەدوای شەڕێکی بەتین کە (3) سەعاتی خایاند هێزی دوژمن (28) کەسیان لێکوژراو (18) کەسیشیان لێبریندار بوو لەجاشەکان وەلاشەکانیشیان لەسەر ڕێگا بەجێمابوو هەروەها کوشتارێکی زۆریش لەسوپا کراوە کەژمارەیان نازانین جگە لە (19)

بریندار. وەلەهێزی ئێمە (2) کەس بریندار بوو دوای ئەم شەرە قارەمانانەیە هێزی دوژمن شکاو بەسەری شۆڕییەوە بەرەو بافستیان گەڕایەوە

12-شەوی 963/8/2 هێزی پێشمەرگەی قارەمانمان پەلاماری سەنگەرەکانی دوژمنی دا لە دێی کانی زەنبور لای دووزخورماتوو لە ئەنجامی ئەم شەڕەدا هێزی دوژمن ڕایان کرد و لەم شەڕەدا جاشێک گیرا بە تفەنگێکی ئینگلیزییەوە.

13-لە ڕۆژانی 1963/8/4,3,2,1 دا - شەڕێکی زۆر بە تین ڕوویدا لە بەینی پێشمەرگە قارەمانەکانمان و هێزێکی زۆری سوپا و جاش (عارف) دا لە بەینی هاودیان و مازنەدا لە ئەنجامی ئەم شەڕەدا هێزی دوژمن شکا و دوای ئەوە بە دەیان لاشەیان لە مەیدانی شەڕدا لێ بەجێ ماوە دەستکەوتەکانمان ژمارەیەکی زۆر تفەنگ و تۆپی هاوەنی گری (2) و چەند ڕەشاشێکمان بوو وە زیانمان لەوشەڕەدا تەنها شەهیدێک و بریندارێک بوو. وە لێرەدا سەیر ئەوەیە کە حکومەت هیچ شەرم ناکات بە ئیستگەکەی بلاوی ئەکاتەوە و ئەڵێت کە گوایا (مازنە)یان گرتووە.

14- لە 963/8/2 ا لە کاتی (6)ی سەر لە بەیانیدا هێزێکی دوژمن کە لە جەیش و جاش (عارف) و حەرەس بەعسی پێک هاتبوو بە یارمەتی (24) دەبابە و (3) زری پۆش ڕویان کردە دێی (حسین اسلام) وە گەیشتنیان بوون بە دوو بەشەوە بەشێکی ڕویان کردە دێی (خاڵە بازیانی) بەلام هێزی پێشمەرگەی قارەمان پەلاماری دان و توانیان ئابلوقەیان بدەن و (3) سەربازیان لێ بکوژن و (5) جاش بەعسییان

لیٚ بریندار بکەن. دوای ئەمە دوژمن بە ناچاری کشانەوە دیٚـی (لـەیلان). وە لـە پـاش چـەند سەعاتیٚک بە (50) دەبابە و (91) ئوتومبیٚلی پـڕ لە سەرباز و جاشەوە هاتنـەوە و لـە سەریشـەوە فرۆکەی جەنگی یارمەتی ئـەدان بـەلاٚم هیٚـزی پیٚشـمەرگە قارەمانـەکانمان لـە دیٚـی (حسـن اسلام) بەرەنگاریان بوون و شـەڕ (6) سـەعاتی خایاند لە کاتی شەڕدا (18) دەبابـە کشـایەوە و ڕووی کردە دیٚی (حصار) وە لەویٚوە بـۆ دیٚـی (خاڵـە بازیـانی) وە لـەم ڕیٚگەیـەدا گـەلیٚک کردەوەی وەحشیانەیان کرد وە لە ئەنجامی ئـەم شەڕەدا (12) سەرباز و جاش (عـارف) و نایـب عەریفیٚک کوژران و(9) کەسیشیان لـیٚ بریندار بوو بەلاٚم هیٚزی ئیٚمە هیچ زیانیٚکی نەبوو.

15- لـــــە 963/8/4 دا - هیٚزیٚکــــــی پیٚشمەرگەی نەبەزمان ڕیٚگای لـە ئۆتـۆمبیلیٚکی جاشەکانی (تولکی) گرت و دەست کرا بە شـەڕ لە ئـەنجاما (2) جـاش کـوژران کـە یـەکیٚکیان (حمە رشید) ناو برازای (کویٚخا ڕەشـید تولکیـە) بـوو کـە سـەرۆکی جاشـەکانە وە ئەوانـەی لـە ئوتومبیٚلەکە

مابوون بریندار بوون و (12) جاشیـش بـە دیل گیران وە دەستـکەوتمان لـەم شـەڕەدا (2) تفەنگی برنەو وە (2) دەمانچە بوو.

16- شەوی 7 لەسـەر 8//1963 هیٚزیٚکـی قارەمانمـان پـەلاماری سـەنگەری ژمـارە (2)ی میری دا لە زمناکۆ ئەم شەڕە (2) سەعاتی خایاند لە ئەنجاما (15) کەس لە هیٚزی دوژمن کوژرا و (20) کەسیشـــیان لــیٚ بریـنـــدار بـــوو وە دستکەوتیشمان (7) کلاشنکۆف و (18) مەخزەنی کلاشنکوف و (180) فیشەک بوو. بـەلاٚم هیٚـزی ئیٚمە هیچ زیانیٚکی نەبوو.

17- وەکـو خەبـەریٚک پیٚمـان گەیشـتووە : کاربەدەستانی ئەمن و حەرەس قەومی لە موصـلٚ دەستیان کردووە لە هەڵ کوتانـە سـەر ناموسـی خیٚزانی جاشەکان؟ کە ئەمە بـووە هـۆی ئـەوەی زۆر لەو جاشانە بکشیٚتەوە وە چەک فڕیٚ دەن ئـا بەم شیٚوەیە حکومەتی فاشستی ئەیەویٚت میللەتی کورد بکاتـە ژیٚـر دەسـتەی خـۆی بـەلاٚم ئەمـە شتیٚکی سەیر نیە لای ئیٚمە چونکە هەمیشە ئـەوە بووە ئەنجامی میللەت فرۆشتن.

18- شاری بەغداد هەموو شەویٚ حـەرەس قـەومی ئـەکوژریٚت وە لـە معەسـکەر ڕەشـید کۆمەڵیٚکی زۆر لە قومبولـەی سـوتیٚنەر و سـاروخ تیٚک دراون بە دەرهیٚنانی کەپسولەکانیان.

19- دوو عەشیرەتی عەرەبی نزیک جەلەولا بـە یـەکیانا داوە گـەلیٚک کوشـتاریان لـە یـەک کردووە لەگەڵ ئەوەشا میری نەیتوانیوە تـەنها بـۆ لیٚک کردنەوەشیان هیٚز بنیٚریٚت.

**پارتی دیموکراتی کوردستان- لقی سلیٚمانی**

1963/8/13